

# کەرکووکییەکان:

# ڕۆژگارێک بەر لە ئەمڕۆ هەمووومان یەک خێزان بووین.

ڕژێمە یەک لە دوایەکەکانی عێراق بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ویستوویانە کەرکوک لەکوردستان دابڕن، هەرچیش لە توانایاندا هەبووە لەم پێناوەدا وەگەڕیان خستووە.ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی گشتگیرترو چڕوپڕتر کەوتە پراکتیزە کردنی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانە، بەلێشاو کوردی لەو شارە دەردەکرد و عەرەبی دەهێنانە جێگەی، گوندی کوردی خاپور دەکرد و ئۆردگاو شارو شارۆچکەی لە سەر خاکی کوردان بۆ عەرەبەکان دروست دەکرد.

ئێستاش ژمارەیەکی زۆر عەرەبی هاوردە لە کەرکوکدا دەژین ئەوان بوونەتە خانەخۆی و خەڵکی ڕەسەنی شارەکەش بەتایبەت کورد لە ژێر دەوارو لە کۆنە سەربازگەو یاریگەو جێگاکانی دیکەی ئەو شارەدا ژیان بەسەر دەبەن، پاش پرۆسەی ئازادی عێراق هاوپەیمانان لەو شارەدا بە تایبەتی(CPA) پاڵپشتی پیلانەکانی ڕژێمی لەناوچووی کرد بە ڕێگەدان بەو عەرەبە کۆنە بەعسی و پیاوانەی ڕژێم بکەونە پیلانگێڕان لە دژی کوردان لەو شارەدا، هەر لە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بە مین چینراو و(TNT) ڕێژ کراوە بگرە تا کوشتنی بەڕێوەبەرە کوردەکانی ئەوشارەو لە دوورەوە هاوەن وکاتیوشا گرتنە گەڕەکە کوردییەکان وەک ئەوەی شەوی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٤-٢٠٠٤/٧/١٥ لە گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکووک روییدا لە ئاکامدا ٥ کەس لە خێزانێکدا کوژران. کاتێک کەرکووکییە ڕەسەنەکان بەگشت نەتەوە جیاوازەکانەوە بۆت دەئاخڤن، حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژانە دەکێشن کە وەک برا لەو شارەدا دەژیان و دواتر ئەو خۆشییەیان لێسەندارییەوە.

بۆ هەڵدانەوەی لاپەرەکانی ئەو ڕۆژانەی ڕابووردن و ئەو نەهامەتیانەی ئێستا هەن و ئەو ڕێگە چارانە دەبێت بکرێن لە سەردانێکی کەرکوکدا لە گەڵ کۆمەڵێک خەڵکی ئەو شارەدا دواین.

ڕاپۆرت/ نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

**بەرەو کەرکووک**

کاتێک بەرەو کەرکووک بەڕێکەوتم ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەو بارهەڵگرانە بوون لە ڕێگەدا دەمدین پڕ بوون لە پێداویستی ناو ماڵ بەرەو کەرکووک دەڕۆیشتن، ئەوانە کەرکوکییەکانن دەگرێنەوە بۆ زێدی خۆیان، لە لایەک دڵخۆش بووم بەوەی ئەو کوردانە دەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، لە لایەکی دیکەوە دەمزانی نەهامەتییەکانی بارکردن چۆنن، مرۆڤ چەند هیلاک و شەکەت دەبێت، چەند درەنگ دەکەوێتەوە سەر سکەی ژیانی ئاسایی ئەگەر چی ئەوانە وێرای هیلاکی لە کاتێکدا دەگەڕێنەوە گەرما لە ئەوجی دەسەڵاتدایە، وەلێ خۆشییەک لە سیمایاندا دەبینرا، یەکێک لەو خێزانانەی لە لاڕێ لایاندا بوو بۆ پشوو لە نزیکیانەوە ماشێنەکەمان خامۆش کرد و کەوتمە ئاخافتن لەگەڵیاندا.




خەدیجە حەسەن

ئەوە خێزانێکی ٤ کەسین و ٢٠ ساڵە لە کەکووک دەرکراون( **خەدیجە حەسەن**) دایکی دوو کوڕو کچێکە، باوکیان نەماوە پاش ئەوەی لە لایەن ڕژێمەوە دەرکراون چونەتە ئێران و لە ڕاپەرینەوە هاتونەتەوە کوردستان و لە بنەسڵاوە نیشتەجێن، کاتێک لێمان پرسی دڵخوشی بەوەی دەگەڕێتەوە کەرکووک

# هاووڵاتییەکی کورد: بۆ ئەوەی بچینەوە دۆخی جاران دەبێ کەرکووکییە ڕەسەنەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەم شارە.

گــــوتی( **ڕۆڵە کەس هەیە حەز نەکات بچێتەوە بۆ ئەوشارەی هەموو منداڵیی و گۆڕی باب و باپیرانی بێت، بەڵێ دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کەرکووک کوردستانە** )




یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دڵخۆشی ئەو خێزانانە ئەوە بوو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاوکاری کراون، وەک ئەوەی خەدیجە گــــوتی( **دووهەزار دۆلارمان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێدراوە، لە کەرکوکیش زەویمان دەدەنێ چی هەیە لەوە باشتر سەد جار مەمنونم**)

( **بەختیار لەتیف**) کوڕی( **خەدیجە حەسەن**)ە، ئەو منداڵ بووە کاتێک لە کەرکووک دەرکراون، ئێستا ئەرکی بژێوی خێزانەکەی لە ئەستۆیە، سەبارەت بە گەڕانەوەی بۆ کەرکووک گوتی( **کەس نییە دڵخۆش نەبێت بەوەی ئەمڕۆ بگەڕێتەوە سەر زێدی خۆی، کەرکووک موڵکی ئێمەی کوردە، تا کەی ئاوارەیی، هیوا خوازم کەرکووکییەکان لە هەر کوێ هەن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئەو شارە شاری کورد و کوردستانە** ).

ئەو خێزانەمان جێهێشت، ئەوەی مایەی دڵخۆشی هەموولایەک بوو ئەو لافیتانە بوون لە ڕێگاکاندا هەڵواسراون و بە خێرهاتنەوەی خێزانە دەرکراوەکانی تێدایە.

### ئێوارەیەک لە جوت قاوە


جوت قاوە یەکێکە لە گوزەرە کۆنەکانی شاری کەرکووک لە دامێنی قەڵای کەرکووکدایە، پێدەچێت کۆنترین و ڕەسەنترین بازاڕی کەرکووک بێت، ئێستا زۆرترین پیشەوەرە کۆنەکانی کەرکووک وەک مسگەر، ئاسنگەر، پێڵاودرو ... هتد لەو بازاڕەدان، ئەمە وێڕای چایخانەو کەبابخانە، لەو گوزەرەدا تەنیا کورد و تورکمان هەن ئەوەش نیشانەی ڕەسەنایەتی ئەو دوو نەتەوەیە لەو شارەدا.


حاجی شەمسەدین عوسمان

یەکێک لە کاسبکارانی ئەو گوزەرە **حاجی شەمسەدین عوسمانە** لە دایک بووی ساڵی ١٩٢٠، ٦٥ساڵە لە پیشەکەی خۆیدا کە پێڵاو دروست دەکات بەردەوامە لە هەمان جێگەدا.

حاجی شەمسەدین کوردە لە بارەی ڕۆژانی ئەوسای کەرکووکەوە دەڵێ: **لەم گوزەرەی ئێمەدا تەنیا کوردو تورکمان و جولەکە هەبوون، هەموومان وەک برا دەژیاین ژن و ژنخوازی لە نێوانماندا هەبوو، ئەم شارەی ئێستا دەیبینی بریتی بوو لەو نەتەوانە و قلە قلەش عەرەب هەبوون. عەرەبەکانیش باش بون وەک ئەوانەی ئەم دوایانە نەبوون.**

**ئێمە ڕۆژانی جارانمان خۆش دەگوزەراند تا هاتنی عەبدولکەریم قاسم ئیتر بارودۆخەکە گۆڕدرا، من خۆم**


عومەر نەجمەدین عەلی

## تورکمانێکی کەرکووک: عەرەب لە کەرکووکدا زۆر کەم بوون ئەوانەش لە گوندەکاندا دەژیان

**کوردم بوکێکم تورکمانە ئەویتریان عارەبە، نازانم ئەوە چ بەڵایەک بوو تووشی دەردی تەفرەقەی کردین.**

**عومەر نەجمەدین عەلی زەنگنە** ئاسنگەرێکی ئەو گوزەرەیە و ٥٥ساڵە لە دوکانەکەی خۆیدا خەریکی پیشەکەیەتی، پیاوێکی ڕووخۆشەو لەناو تورکمانەکانی ئەو گوزەرەدا زۆر خۆشەویستە.

وەستا عومەر دەڵێت: **لە بیرەوەری مندا تەنها کورد و تورکمان و جولەکە لەم ناوەدا هەبوون، عەرەبەکان لە دێهاتەکان خەریکی ئاژەڵداری بوون.**

لە بارەی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان لە کەرکووکدا وەستا عومەر گوتی: **من ٥٥ساڵە لەم دوکانە کاردەکەم، تەواوی جیرانەکانم تورکمانن هەمیشە هەستمان نەکردووە دوو نەتەوەی جیاواز بین، وەک برا لە گشت بۆنەکانی یەکتردا بەشداریمان کردووە، ئێستاش ئەم تورکمانانە دژی ئەوەن بە ناوی تورکمانەکانەوە بەرامبەر کورد دەکرێت.**


لەتیف سەید محەمەد قازانچی

**لەتیف سەید محەمەد قازانچی** لەدایک بوی ١٩٢١ وەک لەنازناوی بنەماڵەکەیاندا دەردەکەوێت هەمویان قازانچی- واتە مسگەر بون، قازانچییەکان یەکێکن لە بنەماڵە دیارەکانی نێو تورکمانەکانی کەرکووک، وەستا لەتیف لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و تەواوی تەمەنی خۆیدا گوتی: (**جاران بەس کورد و تورکمان لەم شارەدا هەبوون، عەرەب زۆر کەم بوون، ئێمە و کورد وەک یەک خێزان دەژیاین، هەرگیز نەدەگوترا ئەمە کوردە و ئەوە تورکمانە تێکەڵاوی ژنخوازیان هەبوو، من باوکم تورکمانە و دایکم کوردە، ئێستەش ئەوانەی تەفرەقە دەکەن لە هەر نەتەوەیەک بن دڵسۆزی نەتەوەکەی خۆیان نین**).

چایخانەی وەستا محەمەد لە


محەمەد نەزیم چایچی

جوت قاوە لەوە ناسراوترە باس بکرێت زوربەی کەرکووکییە رەسەنەکان رۆژانە دەچنە لای وەستا محەمەد بۆ ئەوەی چایەک بخۆن، ئەم پیاوە رۆح سوکە لە منداڵییەوە لەو چایخانەیەدا کار دەکات تەمەنی ٧٢ ساڵە.

**محەمەد نەزیم چایچی**

کاتێک ویستمان لە بارەی بیرەوەرییەکانی خۆیەوە بیدوێنین گوتی( ئەوەڵەن کوردیەکەم تەواو نییە) بەڵام پێی خۆشبوو بەشێوزاری ئاخاوتنی خۆی قسەکانی بڵاو بکەینەوە، لە بارەی پیشەکەی خۆیەوە گوتی(**چایچیەتی خۆت دەزانی کاسبییە، ئەوەلجار خۆشتر لە ئێستا، من ئیش دەکرد، کورد و تورکمان و عەرەب وەک برا بوو هەموی، تەفریقە نەبوو، ئیمە حەز ناکەین بیێتن، هەمووی وەک برا بوو، بە یەکتر کچ دەدا، ئێمە گەرەکمانە وەک ئەوسا لێبێتەوە، ئێستا لە ناومان پیاو خراپ نەمینێ چونکە گەرەک نییە دنیا خۆش بێت**).

بەر لە ماڵاوایی لە گوزەری جوت قاوە بۆ دواجار وەستامحەمەد نەزیم چایچی گوتی( گەرە پێش ئەوەی بچن دوو چای بخۆن) لەگەڵ(**دلێر رەفیق**)دا کە لە ئامادە کردنی ئەم راپۆرتەدا زۆر هاوکاری کردم چایەکانی ئەو پیاوە روخۆشەمان خواردەوە و بەرەو ناوبازاڕ شۆڕ بووینەوە.

هاوردەوە هەمان بیر کردنەوەیان هەبوو(هی خۆم بۆ خۆم، هی تۆش دەخۆم ) بەڵام کاتێک( **ئەبو ثائر**) کە عەرەبێکی بەویژدان و مرۆڤێکی راستگۆ بوو دوا ئەوجا


ئەبو ثائر

لە بەر خۆمەوە گوتم ئەگەر لە نێو برایانماندا هێندەی ئەوانەی تۆمەتمان پێدەکەن نیوەی ئەوانە وەک(ئەبو ثائر) بوونایە رەنگە بارودۆخەکە بەمجۆرە نەبوایە، دواتر دیسان سۆز جڵەوی

**رەسەنەکانی کەرکووک وەک برا دەژیاین.**

لە بارەی عەرەبە هاوردەکانەوە ئەو پێی وابوو **ئەوانە بە زۆر نەهێنراون، بەڵکو ئەو خێزانانە ئەوانەن کە لە رووی ژیان و بژێویەوە خاوەنی هیچ نەبوون و بە پێدانی پارە و زەوی ئیغرا کران تا بێنە کەرکوک و دەوروبەری.**

سەبارەت بەوەی ئەمە زوڵم بێت لە کورد کرابێت ئەو پێی وایە **ئەگەر ماڵ و زەوی کوردیان داگیر کردبێت ئەوە زوڵمە و ئێمە وەک عەرەب قبوڵمان نییە و داوا دەکەین ئەو کوردانەی لەم پرۆسەیەدا زەرەرمەند بوون قەرەبوو بکرێنەوە، سەبارەت بە عەرەبە هاوردەکانیش با ئازادییان بدرێتێ بزانن دەگەڕێنەوە، با ئەوانیش قەرەبوو بکرێن و بگەڕێنەوە، دەبێت هان بدرێن بگەڕێنەوە نەک بە کوشتن و ترساندن.**

سەبارەت بە پرۆسەی گەڕانەوەی خێزانە کوردەکانیش گوتی: **ئەوانە خەڵکی رەسەنی ئەم شارەن، برای ئێمەن، بەخێربێنەوە ئەوانە خۆیان خانەخوێن.**

## عەرەبێکی هاوردە: بە وروژاندنی پرسی کوردستانی بوونی کەرکووک ئێوە کێشە دەنێنەوە، وەک بەڕێز ئایەتوڵڵا سیستانی خوابیپارێزێت دەفەرموێت: «کەرکووک شارێکی عێراقییەو بەس»

**برای عەرەبی چاو رەشم**

زوربەمان کاتێک گوێستی لێدوان و بیروبۆچونی عەرەبێکی شۆڤێنیست دەبین ئێمەش دەمارگیری نەتەوەیی فرەجارە کۆنترۆڵی عەقلمان دەکات و بەسۆز بیردەکەینەوە پێمان وایە ئیدی هێندەی تاڵە مویەک بوار نەماوە بۆ پێکەوە ژیان و گرێبەستی برایەتی هەڵدەوەشێتەوە، ئاخر ئەوانیش لە ئەزەڵەوە زۆر وابەستەی ئەو گرێبەستە نەبوون و هەمیشە لە سەردەستی و ژێردەستیدا خۆیان بە برا گەورە و ئێمەیان بە وردیلە داناوە، ئیدی ئەوەش قەدەری خۆمانە، ئێمە کلۆڵترین و بێشانس ترین بنەماڵەی هیندۆ ئەورووپیەکانین کە قەدەرمان بوو بە قەدەری ئەو مامزەی لە چوار لاوە دەکەوێتە بەر کەڵبەی شێرو پڵنگ و گورگەوە، ئێمە هەمیشە بە بیری چاک و کرداری چاک وگوفتاری چاکەوە دەمانەوێت بژین، لێ ئەوانیش تیر لە هەناومان وەردەدەن، نوکە براکانمان کەمیان چاورەش و زۆریان دڵرەشن.

لە زۆر جێگەی کەرکووکدا برای عەرەبم دواندن بە خۆجێیی و

## عەرەبێکی کەرکووک: زۆر دڵخوشم بە گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان چونکە لە سەردەمی رژێمی لە ناوچوودا تەنها عەرەب لەپێشەوە بوون، ئەمڕۆ نۆرەی خاوەن ماڵە رەسەنەکانە.

عەقڵمی گرتوو لە بەر خۆوە گوتم تۆ بڵێی ئەگەر ئەم پیاوە دەسەڵاتی هەبوایە بەو جۆرە بیری دەکردەوە؟

بە هەر حاڵ(**ئەبو ثائر**) لە بنەڕەتا خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری داقوقەو ئێستا لە گەڕەکی (**دۆمیس**)نیشتەجێ یە و خۆی بە کەرکووکی رەسەن دەزانێت.

کاتێک لە بارەی بارودۆخی کەرکووکەوە پرسیارمان لێکرد گوتی: **لە سەردەمی رژێمی لەناوچودا مامەڵە لەگەڵ تەواوی نەتەوەکان جگە لە عەرەب، لەلایەن رژێمەوە مامەڵەیەکی دوژمنکارانە بوو بەتایبەت لە گەڵ کوردا کاتێک شاربەدەری دەکردن، ئەم رژێمە دووبەرکی لە نێوان نەتەوەکاندا دەنایەوە. جاران ئێمە لە گەڵ نەتەوە**

**ساڵح حسین خەڵکی (عوزێم)**ە و لە ساڵی **١٩٦٣** وە لە کەرکوک نیشتەجێیە لە بارەی عەرەبە هاوردەکانەوە پێی وابوو عێراق جیاوازی نییە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ


ساڵح حسین

رۆژئاوا.

کاتێک لەبارەی کوردستانی بوونی کەرکوکەوە لێمان پرسی گوتی **"ئێمە کاتێک لەساڵی ١٩٦٣وە هاتینە کەرکوک** (لە



جاسم حەمود

دوای یەکەم کودەتای بەعسیەکانەوە کە دەستیان کرد بە تەعریبی کوردستان) **هەموو نەتەوەیەکی تێدابوو،من باوەڕم نییە کەرکوک کوردستان بێت و واش نازانم، ئەگەر کوردییە بۆ نەخرایەوە سەر ئیدارەی کوردی** (مەبەستی لەوەیە شارێکی عەرەبییە).

**جاسم حەمود لە هۆزی ئەلهێل** کە لە دەوروبەری **تاوغ- داقوق-** نیشتەجێن سەبارەت بە عەرەبە هاوردەکان پێی وابوو **دەبێت بگەڕێنەوە جێگای خۆیان چونکە ئەوە زوڵمە لە کورد کراوە دەبێت هەموو کەس بگەڕێتەوە شوێنی راستەقینەی خۆی.**

کاتێک جاسم حەمود قسەکانی تەواو بوو گەنجێکی درێژی رەشتاڵەی ددان رەش بەلاماندا تێپەڕی و بە عەرەبی گوتی "ئێوە بەم شتانە دەتانەوێت دوو بەرەکی بنێنەوە) لە نێوان ئەو کورە شوانکارە هاوردەیە و قسەکانی رۆشنبیرانی عەرەبی وەک (**عەبدولباری عەتوان**) دا هیچ جیاوازییەک نەبوو، بۆیە چەند پرسیارێکم ئاراستە کرد تا ئەوەی لە دڵیدایە هەڵیبڕێژێت ئەم گەنجە ناوی **سەید خضیر ئەلحەسەنی** یە لە شیعەکانی خوارووی عێراقە و لە ساڵی ١٩٨٩ هێنراوەتە کەرکوک، هۆی هاتنەکەی بۆ کەرکوک دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خانویان نەبووە و باری ژیانیان خراپ بووە، لە کەرکوک زەوی و دەهەزار دیناری ئەو کاتەیان دراوەتێ لەگەڵ سولفەی خانوو دروستکردندا. پێی وابوو عێراق لە باکوورەوە بۆ باشوور یەکە و گرنگ نییە لە کوێ نیشتەجێی بێت.



سەید خضیر ئەلحەسەنی

کاتێک لەبارەی ئەو هاوکێشەیەی رژێمەوە لێمان پرسی کە عەرەبی دەهێنایە کەرکوک و کوردی لەو شارەدا دەردەکرد سەید ئەلحەسەنی پێی وابوو لەو قسانە گەڕێین، عێراق یەک وڵاتە لە زاخۆوە بۆ فاو.

سەبارەت بە کوردستانی بوونی کەرکوکیش گوتی (**بەڕێز سیستانی خوا بیپارێزێت پێی وایە کەرکوک عێراقی بچووکە**) واتە **کوردستانی نییە**، هەروەها گوتی: **من لە مێژووی عێراقیشدا لە قوتابخانە خوێندوومانە نەمبیسووە کەرکوک کوردستان بێت!**

### بۆ ئەوەی کەرکوک بگەڕێتەوە دۆخی جارانی چی بکرێت؟

ئەم پرسیارە خەونی لەمێژینەی کەرکوکییە رەسەنەکانە ئیدی هەربەکە و بە جۆرێک گوزارشت لەو پرسە دەکات هەندێک هاووڵاتی بەم جۆرە رای خۆیان دەربڕی.

**عومەر نەجمەدین عەلی:** دەڵێم ئەوانە لە کوێوە هێنراون بگەڕێنەوە، کەرکوک خۆش دەبێت.

* **گورگیس سەرکیس:** تا ئەوانەیان نەهێنابوو (مەبەستی




گورگیس سەرکیس

عەرەبە هاوردەکانە) وەزعی ئێرە باش بوو.

* **سەید لەتیف قازانچی:** ئەوەمان دەوێ ئەوانەی هێنراون بچنەوە.

* **وەستا شەمسەدین"** تەفرەقە و دووبەرەکی نەبێت کەرکوک دەبێتەوە بەو شارەی جاران.

* **رەفیق زەنگەنە:** شوفێری تاکسی، خەریک بوو کەرکوک دەگەڕایەوە دۆخی جارانی بەڵام CPA لێنەگەڕا.



رەفیق زەنگنە

### هونەرمەند و رۆشنبیرانیش یەکبوون چونکە هەموو یەکبووین

جگە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان بواری هونەری و رۆشنبیری لە کەرکوکدا هەمان پێکهاتەی شارەکەیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ دەسپێکی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی شۆڤێنستی بەعس رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بزووتنەوە رۆشنبیرەیەکەی ئەو شارە کرد.

**رەمەزان زامداری هونەرمەند لەمبارەیەوە گوتی:** ساڵی ١٩٥٨ یەکەم تیپی مۆسیقای کوردیم دامەزراند لەم شارەدا، لە شەستەکاندا شەوکەت رەشید و ئەنوەر تاهیر و چەندینی تر لەگەڵ تیپەکەدا کاریان دەکرد، لە مۆسیقاژەنەکانیش بریتی بوون لە کورد و تورکمان و عەرەب و مەسیحی لەوانەش (ڤارکیس- ئەرمەنی، جەلال وەدی تورکمان، جاسم عەرەب بوو کەمانچە ژەنێکی باش بوو).

ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن دەزگا



رەمەزان زامدار

سەرکوتکەرەکانی ئەوکاتەوە بە ٩ مانگ حوکم زیندانی کرام و تیپەکەمان لێک هەڵوەشا، لە حەفتادا ئەم شارە قۆناغێکی باشی هونەری بەخۆیەوە بینی، بۆ نموونە شانۆ لەم شارەدا زۆر گەشەی کرد لەوانە فایق سەلمان و فازڵ جاف شانۆگەری (دایکی شەهید)یان نمایش کرد لەبارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەروەها میهرەجانی شیعری کوردی لەم شارەدا کرا و چەندین کاری تر.

بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە گەشە بسەنێتەوە پێویستە گوتاری سیاسی کوردی لەم شارەدا یەک بێت تا بتوانین کەرکوک ببەینەوە قۆناغی ئەوکاتە کە هەموو وەک برا لەم شارەدا دەژیاین.■

## مەسیحییەکی کەرکووک: مەسیحییەکانی کوردستان لە گشت مەسیحییەکانی عێراق ئازادترن